# ئاگایی مۆرفۆلۆژییانه له زمانی کوردییدا

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف**
**زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان**

تاريخ استلام البحث ٢٠١٨/٥/٢١ تاريخ قبول النشر ٢٠١٨/٦/١١

الخلاصـــــــة
ان الهدف الاساسي لهذا البحث المعنون (الوعي الصرفي في اللغة الكوردية) هو تبيان الوعي الصرفي لدى المتكلم الكوردي وذلك نجده في تجسيد الاشكال الصرفية لدى المتكلم الكوردي التي لها القدرة في تفكيك الكلمات المركبة. وفي النتيجة يظهر بأن هناك علاقة بين الوعى الصرفي و النحوي في الاشكال الصرفية والنحوية.

**پێشەکیی**


**توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ دیارییکردنی زانیاریی مۆرفۆلۆژیانەی گشتیی ئاخێوەری زمانی کوردیی و لەبەر ڕۆشنایی ئەوەشدا زانیاریی مۆرفۆلۆژیانەی تاکو بەکارهێنانی تاکلایەنانەی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان لێکدراوەتەوە. ئەویش بەو پێیەی ئاگایی مۆرفۆلۆژیانە، ئاگایی تاکلایەنانە تاکە لە داڕشتن و لێکداندا. هەنگاوەکانی توێژینەوەکە لەپاڵ زانیارییە گشتییەکاندا ئاگایی تاکی لە مۆرفۆلۆژییدا نیشانداوە. ئەویش لە ڕوانگەی تێکشکانی یاساکان و هەڵوەشانەوەی فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکانە. توێژینەوەکە داتاو کەرەستەکانی لە کەرەستەی کرمانجیی ناوەڕاست_ شێوەزاری سلێمانییەوە دەرگرتووەو بە ڕێبازی پەسنی شیکاریی هەنگاوەکانی ناوە.**

**١/١) زانیاریی زمانیی**

**ئاخێوەری زمانێك زانیارییەکانی پەیوەست بە ڕێزمانەکەیەوە لە لایەو لە بەکاربردنی زماندا بە ئاگاییەوە بەرجەستەی دەکات. لەوەوە دەبێت ئاماژەبەوە بدرێت، کە ئەو زانیارییانە کەرەستەیەکی خاون و لە ناو فەرهەنگیی ئاوەزییدا خەزنکراون، بەوەش زانیارییەکان لە خەزنکراوە فەرهەنگییەکەدا نواندنێکی ناوەکیی**(Internal Representation) **دەبێت و لە ڕێزمانیشدا نواندنێکی دەرەکیی** ( External Representation). **زانیارییەکانی ئاخێوەری زمان لە کەرەستە فەرهەنگییەکانی دان و لە ڕێزماندا دەخرێنە ڕوو**[١]. **واتە زانیارییە هەڵگیراوەکەی ناو فەرهەنگ دەبنە بنەمای فۆڕمداڕشتن لە ڕێزماندا. لە ڕێزمانیشدا کەرەستەیەکی فەرهەنگیی فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی بەرهەمدێنێت**[٢].

**داتاکانی ناو فەرهەنگ لە شێوەی فۆڕمی نەشکاوە هەڵگیراون، واتە هەر زانیارییەکی مۆرفۆلۆژیی یان سینتاکسیی یان واتایی هەبێت، ئەوا لە ناوەخنی ئەو داتایانەدا هەڵگیراون/ خەزنکراون. ئەوەش ئەوە دەستەبەر دەکات، کە: (ا) لە نێوان فۆڕمە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و فەرهەنگدا نواندنێك هەیە، داتای ئەو فۆڕمانە دیارییدەکات، کە لە ناوەخنی کەرەستە فەرهەنگییەکانەوە دێتە دەرێ، (ب) بەهۆی بوونی ئەو زانیارییەوە ئاخێوەری زمانەکە دروستە کەموکوڕەکان لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیشدا دەناسێتەوە. پەیوەست بە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیشەوە بەهۆی پۆلەرگەزدیاریکردنەوە** (Sub Categorization) **زانیارییە خەزنکراوەکان لە نێوان فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیدا دەردەخرێن، بڕوانە هێڵکاریی (١).**

**هێڵکاریی (١)**




هەریەك لە فۆرمەکانی هێڵکاریی (١) پرۆژیەکەکن، کە لەلایەن مۆرفێم و وشە دەسەڵاتدارەکانەوە (Individual Words) دروستدەکرێن، کە نرخ و ئاستی نواندنی (X)یان هەیە.

زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکان لە تێکردەی وشەیی زمانەکەمانەوە وەردەگیرێن و دەبنە هۆکاری دەستەبەرکردنی ئاگایی مۆرفۆلۆژیانە بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی وشەی نوێ لەسەر بنەمای دروستەو واتا[3]. هەڵوەشانەوەی فۆرمی مۆرفۆلۆژیانەی وشەیەك و تێکشکاندنی کۆتوبەندە واتایی و دروستەیەکەی، پەیوەندیی بەو زانیارییە شاراوەو ئاشکرای ئاخێوەری زمانەوە هەیە.[4]

**١_١/١) مۆرفۆلۆژیی دارشتن**

ئاراستەی نواندن و شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژیانەی وشە دارێژراوەکان دوانەیین، ئەویش بەو پێیەی یان بناغەکە دەکرێتە پێگە یان مۆرفێمە دارشتنەکە دەکرێتە بەرهەمهێنی پرۆژەکە. لەبەرئەوەی ئاراستەی کارکردنی پرۆژەکە بەپێی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمهێنانە، بۆیە بگۆڕەکان (Variable)ەکان لە دروستە مۆرفۆلۆژییەکاندا دەکرێنە سەنگیی مەحەك، ئەویش بەو پێیە دەسەڵاتی دروستەیی و واتایی لەدەستی ئەواندایە. پەیوەست بە بناغەکەشەوە زمانی کوردیی مامەڵەی بیچمیان لەگەڵ دەکرێت، ئەویش بەو پێیەی لە فۆرمێکدا کۆمەڵە واتایەك هەڵگیراون، کە لە فۆرمی وشەکەدا ڕەنگی نەداوەتەوە، بەوەش وشەکان/ بناغەکان لێکسیمێکن، لەناو دروستەی فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکاندا واتاکانیان بەرجەستە دەبن یان مارکەیان لێدەدرێت[5]. لە (١)دا نیشانەکانی لێکسیمەکانی (پرتەقاڵ)و (بەفر)و (ڕەش) تاقیدەکرێنەوە، دواتر لە (٢، ٣، ٤)دا پێشبینیی لە واتا تێداهەڵگیراوەکانی دەکرێت.

| | | |
|---|---|---|
| ١) پرتەقاڵ | بەفر | ڕەش |
| + ڕەنگ | + ڕەنگ | +ڕەنگ |
| + تام | +ساردیی | + تۆخ |
| + شێوە | + شێوە | + چڕیی و تێریی |
| + قەبارە | + بێتامیی | |
| + بۆن | | |

هەر سێ لێکسیمەکە لە (١)دا فۆڕمێکن بۆ زانیاریی واتایی جیاواز، کە لە خودی فۆڕمەکەدا ڕوون نییەو ئاخێوەری زمان لە کۆنکریتکردنیاندا هەمان فۆڕم، کە لە ئاوەزیدا هەڵگری کۆزانیارییەکانە، دەناسێتەوە. بڕوانە (٢) و (٣)و (٤) بۆ نواندنی زانیارییە واتاییەکان !

٢) پرتەقاڵ ← پرتەقاڵیی (داڕێژراو/ مۆرفۆلۆژیانە)

پرتەقاڵ ← مەمکی یارم پرتەقاڵە. (تەنها بۆ شێوە پرتەقاڵ بەکارهێنراوە) (سینتاکس)

← بۆنی سابوونەکە ئەڵێی پرتەقاڵە. (تەنها بۆ بۆنەکەی پرتەقاڵ بەکارهێنراوە)

← تامی بنێشتەکە ئەڵێی پرتەقاڵە. (تەنها بۆ تامەکەی پرتەقاڵ بەکارهێنراوە)

٣) بەفر ← بەفرین ، بەفریی (مۆرفۆلۆژیانە) (بۆ واتای ڕەنگەکەیەتی)

← بەفرماڵ (بۆ بەفرە وەك شت)

← بەفراو (بۆ ساردیەکەیەتی)

٤) ڕەش ← ڕەشکە، ڕەشیی (مۆرفۆلۆژیانە) (ڕەش وەك ڕەنگە)

← تەختە ڕەش (ڕەش وەك ڕەنگە)

← ڕەشەبا (ڕەش وەك ڕادەو چڕیی بەکارهێنراوە)

← کۆکە ڕەشە (بۆ واتای ڕادە/ خراپیی بەکارهاتووە)

← چارەڕەش (بۆ واتای خراپیی بەکارهێنراوە)

← ڕۆژی ڕەش (سینتاکس) (بۆ واتای خراپیی بەکارهێنراوە)

← بەختی ڕەش (بۆ واتای خراپیی بەکارهێنراوە)

هەریەك لە نواندنە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکانی لێکسیمەکانی نموونەکانی(٢، ٣، ٤) بۆ بە کۆنکریتکردنی واتا تیاهەڵگیراوەکانی لێکسیمەکانی (ڕەش، بەفر، پرتەقاڵ). لێرەوە ئەوەی ڕووندەبێتەوە، ئەوەیە کە ئەوەی بگۆڕی لێکسیمەکانەو زانیاریی واتایی ناوەکییان دەردەهێنێت، لاگرەکانە. ئەوەش دەربڕی ئەوەیە، بەپێی هێڵکاریی (١) لاگرەکان بناغەکان وەك پۆلەڕەگەزێك بۆ خۆیان دیارییدەکەن و لەڕووی واتاشەوە زانیارییە واتاییەکەنیان دەخەنەڕوو. واتە زانیاریی مۆرفۆلۆژیانەی پەیوەست بە کەتیگۆریی و هەڵاوێرکردنەوە (Selection) لە ژێر ڕکێفی لاگرەکاندایە، ئەویش لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی پۆلەڕەگەزیانەی بناغەکانیان لەدەستدایەو لە دەرهێنانی واتای بناغەکانیشدا کۆتوبەندیی (Restriction) بناغەکان دەکات. بۆ نموونە بەپێی هێڵکاریی (١) لە نێوان فەرهەنگ و فۆڕمەمۆرفۆلۆژییەکاندا قۆناغی پاش_فەرهەنگیی بۆ نواندنی پۆلەڕەگەزیانەی لاگرەکان هەیە، کە ئەوش بەشێکە لە زانیاریی مۆرفۆلۆژیانەی ئاخێوەری زمانی کوردیی و نواندنێکی تەختی ( Flat Representation) هەیە. بڕوانە (٥)

٥) **پاش_فەرهەنگیی( پۆلەڕەگەزدیاریکردن)** → **نواندنی مۆرفۆلۆژیانە**

چی [N] ← N چیی (بڕوانە نموونەکانی (٦))

انە [N] ← N انە (بڕوانە نموونەکانی (٧))

ستان [N] ← N ستان (بڕوانە نموونەکانی (٨))

٦) چایچیی، ماستاوچیی، پینەچیی، تونچیی ، کارخانەچیی، حەمامچیی، کارەباچیی، تۆپچیی، کەبابچیی، تۆرنەچیی، چەرچیی، پاقلاوەچیی، شەربەتچیی

٧) پیاوانە، ژنانە، کورانە، شێرانە، منداڵانە، .....

٨) کوردستان، هندستان، عاربستان، ....

زانیارییە مۆرفۆلۆژیایەکان لە نموونەکانی (٦، ٧، ٨)دا لە زمانپژاندا بۆ ئاخێوەری زمانەکە دەگوێزرێتەوە، پاشان ئانالۆژیانە ئەو زانیاریانە بەکار دەهێنێتەوە[٦]، ئەوەش وادەکات فۆرمی مۆرفۆلۆژیانە دابرێژێتەوە[٧]، کە ئەنجامەکەشی بەو جۆرە دەبێت: (ا) دەربرینە ئانالۆژییەکان دەبنە یاساکانی زمانی دایکی، واتە دەچەسپێن ، بروانە (٦، ٧، ٨) و لەگەڵ (٩) بەراوردی بکە! ، (ب) دەسبەرداری دەربرینە ئانالۆژییەکان دەبێت و یاساکان پێڕەودەکات، بروانە (١٠).

٩) ئاسنچیی ← ئاسنگەر، دوکانچیی ← دوکاندار، سەیارەقچیی ← سایەق، ...

١٠) ا. کەوتن ← کەواندن ← خستن

ب. هاتن ← وەرە ← بێم؟ ← وەرم؟ ← بێم؟

پ. مردن ← مراندن، برژان ← برژاندن، ژیان ← ژیاندن، خەوتن ← خەواندن


نموونەکانی (٩) بەهۆی ئەو زانیارییەی پەیوەست بە پاشگرەکەیەوە وەرگیراوە، ئانالۆژیانە بەکارهێنراون، تا هاوشێوەی دەرکردەکانی نموونەکانی (٩) بۆ یاساکانی زمانی دایکی بگۆڕدرێن، چونکە ئەو زانیارییەنەی دەربارەی مۆرفێمی /–چیی/ لە نموونەکانی (٦) دا خرانە ڕوو، ناوەکە/ بناغەکە دەکەنە ناوی پیشە، بەوەش بۆ داڕشتنی ناوی پیشە دروستەی ئانالۆژییانە دادەڕێژرێنەوە، کە یاسا بەند نییە. زانیاریی وەرگرتنەکە بە هۆی مۆرفێمی /–چیی/ەوەیە، بۆیە هاوشێوەی نموونەکانی (٦)، نموونەکانی وەکو (ئاسنچیی، دوکانچیی، سەیارەچیی) بەرهەمدێنێت.


گەر بشڕوانرێتە نموونەکانی (١٠_ا) ئانالۆژیانە بەپێی ئەو یاسایانە داڕێژراون، کە لە (١٠_پ)دا نوێنراون، کە وەك دەردەکەوێت، کرداری فرمانیی (وەرە) فۆرمێك نییە لە ڕەگی کردارەکەوە بناسرێتەوە، بەڵکو پێچەوانەی کردارە فرمانییەکانی تر فۆرمێکی ناوازەی هەیە. هەروەها لە نواندنەکانی (١٠_ب)یشدا ڕەگی (هاتن) لە کرداری پرسیارییەکەی (بێم)دا دووبارە نەبووەتەوە، بەوەش منداڵ لە زمانپژانەکەیدا ئانالۆژیانە لە کرداره پرسیارییەکەی (وەرە وەرم)وە وەریگرتووە، تا لە قۆناغەکانی دواتردا یاسابەندانە دایدەرێژێتەوە.

شیکردنەوەکەی سەرەوە بۆ نیشاندانی بەکۆنکرێتکردنی لێکسێمو ئەو زانیارییە واتاییانە بوو، کە لەناویاندا هەڵگیراون، کە بە هۆیەوە دەرکەوت: (ا) زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکان پەیوەست بە پۆلۆرگەزدیاریکردنەوە بۆ ئاخێوەری زمانێك توندوتۆڵە، ئەوەش ئاگایی مۆرفۆلۆژیانە خێراتر دەکات (بروانە (٥))، (ب) هەر پەیوەست بە یاسا مۆرفۆلۆژییەکانەوە، منداڵ لە کەرەستە تێکردەکەیدا ئانالۆژیانە لەسەر یاساکان فۆرمەکان دەردەبڕێتەوە، بۆیە یاسا ناوازەکان بەشێك نابن لە زانیارییەکان، بەڵکو ناوازەکان بە یاساکان دەردەبرێت[٨]، (بروانە (١٠)).

لە نموونەکانی (٧)دا زانیارییە دروستەیی و واتاییەکان لەژێر ڕکێفی پاشگرەکاندایە، چونکە ئەوان جیاکاریی واتایی لە بناغەکان دەردەهێننو دروستەکەشی دەکەنە داڕێژراو، بروانە هێکاریی (٢). بەوەش ئەو زانیاریانەی لە فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکانی (٧ ، ٨) دەردەکەون، لە پاشگرەکەوە وەردەگیرێنو ئاگاییەکە دروست دەکەن و ئانالۆژیانەش هەمان زانیاریی بەکاردەهێنرێنەوە. ئەو زانیاریانەی مۆرفێمی /– انە/ لە دەرهێنانی زانیاریی تایبەتمەندیی وەك ئەوییان لە ئەستۆدایە، بۆ نموونە (پیاو ) لە (پیاوانە)دا فۆرمە گشتییەکەیەتیو پاشگرەکە ئەو واتایەی دەداتێ، بروانە ڕوونکردنەوەکانی (١١) .

هێڵکاری (٢)




١١) پیاو ← پیاوانه شتێك بۆ پیاو ببێت: کراسی پیاوانه ، قوماشی پیاوانه، پێڵاوی پیاوانه،.... وەك دەردەکەوێت، (پیاو) لەو دروستە مۆرفۆلۆژییەدا (پیاوانە) پەیوەست بە (پیاوو کوڕ)ەوە دەربڕی گشتییە، چونکە لێکسیمی (پیاو) لە نموونەکاندا گشت زانیارییەکانی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بۆیە مۆرفیمەکە /–انە/ لە کۆی ئەو زانیارییە واتاییانەی لە (پیاو)دا هەن، ئەو کەرەستەو شتومەکانە دەردەبڕێت، کە لە لێکسیمی (پیاو)دان. لەبەرئەوەی لێکسیمی (پیاو) لە زمانی کوردییدا دەربڕی واتای کۆمەڵایەتییەو واتاکانی (مەردیی، جوامێریی، ئازایەتیی، چاکیی، چالاکیی)ە، بۆیە لە دەربڕاوەکانی: (هەڵسوکەوتی پیاوانە، کارێکی پیاوانە، وەڵامێکی پیاوانە، .....)و ( نەوزاد پیاوانە کارەکەی تەواوکرد/ نەسرین پیاوانە کارەکەی تەواوکرد.)ئەو نموونانەی لێرەدا خرانە ڕوو، دەبنە بەڵگەی ئەوەی مۆرفێمەکە لەتوانایدا هەیە زانیاریی واتایی پەیوەست بە (پیاو، کوڕ، ژن و کچ)یش لە لێکسیمی (پیاو)دا بەرجەستە بکات.

وەك گوترا زانیاریی مۆرفۆلۆژیی و واتاییەکانی مۆرفێمەکان لە تێکردە زمانییەکاندا (Linguistic Input) بەدەستدێن، بەوەش و پاش وەرگرتنی یاسابەندانەی دروستە مۆرفۆلۆژییەکانو زانیارییەکان پەیوەست بە پۆلۆرەگەزدیاریکردنی مۆرفۆلۆژیانەو کۆتوبەندە واتاییەکانەوە، ئاگایی مۆرفۆلۆژیانەی ئاخێوەری زمانەکە دەستەبەردەبن، لەوەشەوە ئاخێوەر توانای بەرهەمهێنانو هەڵوەشاندنەوەی دروستە مۆرفۆلۆژییەکانی دەبێت. بۆ نموونە لەبارەی پۆلەرەگەزدیاریکردنەوە، ئەو پاشگرانە لە (٦ )دا بەرجەستە کران، توانای هەڵاوێرکردنی ناوەڵناویشیان دەبێت، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، پاشگرەکان لە رووی مۆرفۆلۆژیی و ڕکێفی واتاییەوە حوکمکەرن، بڕوانە (١٢). هەروەها وەك لە(٩)شدا خرایە ڕوو، ئاخێوەرەکە تاکلایەنانە دروستە مۆرفۆلۆژێکە دەشکێنێت یان هەڵدەوەشێنێتەوە، بۆ نموونە دروستە مۆرفۆلۆژییەکانی نموونەکانی (٨) لەلایەن پاشگری /–ستان/ەوە بەرهەمهاتوون، ئەو زانیارییانەی لە تێکردەی ئەو مۆرفێمەوە بەدەستهاتوون: (ا) پۆلەڕەگەزی ناو دیاریدەکەن، (ب) ناوەکان لە شتەوە دەکەن بە شوێن و مۆرفێمەکە شوێنێکی فراوان دەگەیەنێت، بەوەش ڕکێفی واتاییان لە دەستدایە، بڕوانە هێڵکاریی (٢). تێکشکاندنی کۆتوبەندەکانو بەرهەمهێنانی تاکلایەنەی فۆرمی مۆرفۆلۆژییانە بە ئاگایی مۆرفۆلۆژیانەی تاکەوە هەیە، بڕوانە (١٣).

١٢) ئازایانە، وریایانە، ژیرانە، شێتانە، گێلانە، مەردانە، ....

١٣) ا. گوڵستان، قەبرستان/گۆڕستان، تاریکستان، دارستان،

ب. کەرستان، گێلستان، حیزستان، کچستان، نێرستان، .....

لە نموونەکانی (١٢)دا بناغەی دروستەمۆرفۆلۆژێکە ئاوەڵناوە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕکێفی واتایی و مۆرفۆلۆژیی ئەو دروستانەو گشت دروستە مۆرفۆلۆژییە داڕێژراوەکان لە ژێر دەستی مۆرفێمە بەندەکاندایە، چونکە لەو نموونانەدا پاشگرەکە تایبەتێتیی وەکیەکیی ئاوەڵناوەکە دەرهێناوە. نموونەکانی (١٣_ ا) یاسابەندانە لەسەر نموونەکانی (٨) داڕێژراونەتەوە، کە پێشبینی دەکرێت، لەوان نوێتر بن و لە دەقە ئەدەبییەکانەوە (شاعیر دروستیکردبن) بڵاوبووبێتنەوەو بووبێتن بە فۆرمێکی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردیی، بەڵام

ئەوەی بۆ ئەو نموونانە گرنگە ئەو زانیارییە واتاییە، کە بە ئاگاییەوە بە مۆرفێمەکە گەیەنراون. نموونەکانی (١٣_ب) بەکارهێنانەوەی تاکلایەنانەی مۆرفێمو دروستەکەیە لەلایەن ئاخێوەری زمانەکەوە، کە ئاگایی دەربارەی مۆرفۆلۆژیی و واتا تێیاندا بەرجەستەکراوە، چونکە نموونەکە ئەوە دەردەخات، کە: (ا) لە رووی واتاوە پاشگریی /– ستان/ بۆ واتای شوێنێکی فراوان بەکارهێنراوە، (ب) ئاخێوەرەکە بەهۆی هەبوونی ئەو زانیاریانەوە دروستەکەی بۆ دارشتنی فۆرمێکی تر هەڵوەشاندووەتەوە.

**١/١_٢ ) مۆرفۆلۆژیی لێکدان**

تەرزێکی وشەدروستکردنە، کە بەلایەنی کەمەوە لە دوو مۆرفێمی سەربەخۆ یان پێکهاتووەکانی مۆرفێم پێکدێت. وادەردەکەوێت گۆرینی مۆرفۆلۆژییانەی وشەکان لەنێوان فەرهەنگ و فۆرمەمۆرفۆلۆژییەکاندا بەپێی بنەما سینتاکسییەکان بن[٩]، چونکە وشە لێکدراوەکانیش پرۆژەی ناوو ئاوەڵناوو کردارەکانن. لەبەر ئەوە لێرەوە دەبێت ئەو زانیارییانە بخرینە روو، کە لە فەرهەنگەوە لەناو ئەو پۆلەرەگەزانەدا هەڵگیراون، بۆ ئەوەش ئەو قۆناغە پاش_فەرهەنگییە دیاری بکرێت، کە زانیارییە سینتاکسییەکانیان تیا دێنێتە دەرەوە. وا پێشبینیی دەکرێت، بۆ فۆرمێکی مۆرفۆلۆژیی (وشەی لێکدراو)و فۆرمێکی سینتاکسیی هەمان نواندنی پاش_فەرهەنگییان/ پۆلەرەگەزدیاریکردنیان (Sub Categorization) هەبێت. بروانە (١٤ و ١٥)، کە تێیدا زانیارییە فەرهەنگیی و ویستی فەرهەنگیی ناوو ئاوەڵناوو کردارەکان [١٠] دەخرێنە روو.

١٤) ا. [N] + N هەولێر [شار]

ب. [N] + A زیرەك [کوڕ]

١٥) V

ا. [...] + V خەو، مر، کەو، رۆیش/رۆ + [....]


ب. [N] + V خوار/خۆ، کوش/کوژ، بر/بە + [N]

پ. [PP] + V لێزان، تێگەیش، لێگەیش، پێگەیش + [ PP ]

ت. [PP,N] + V ، [N,PP] + V تێکر، تێخست، لێکر + [PP,N]


هەریەك لە نواندنە فەرهەنگییەکانی (١٤ ، ١٥) ئەو پۆلەرەگەزانەیان پێشنیاز کردووە، کە بەشێکن لە ویستە فەرهەنگییەکانیان، بەڵام زانیاریی ئەوە نادەن بە دەستەوە، کە ژێرخانێکی مۆرفۆلۆژیانەن یان سینتاکسییانە، چونکە هەمان زانیاریی فەرهەنگیی و پۆلەرەگەزدیاریکردن بەرهەمهێنەری فۆرمی مۆرفۆلۆژییانەو سینتاکسییانەشن، بەوەش هێڵکاریی (١) لە هێڵکاری (٣)دا دادەرێژرێتەوە.

هێڵکاریی (٣)





پاش ئەوەی بە پێی وەچە تیۆری پۆلەرەگەز دیارییکردنەکان لە (١٤ و ١٥) تواناو ویستی ئەو پۆلە رەگەزانە زانـرا، کـە سـەری رێزمـانیی و پـرۆژە سـازدەرن، دەبێـت لێـرەوە بـە پێـی تیـۆری (X- bar) دەسـت بـە دەستنیشانکردنی دروستەو سەرەو ریزبوونی سەرو تەواوکەرەکانیان بکرێت. لە بنەرەتدا تیۆری (X- bar) وەك مۆدێلێکی رێزمانیی دروستەی فرێزەو نواندنێکی دروستەیی سەرتاپایی بۆ فرێزو توخمەکانی (elements) لە زمانێکداو گشت زمانەکاندا دەخاتەڕوو. (ا) بـە هـۆی ($X^{`}$)ەوە، کـە بـۆ ئـەم لێکۆڵینەوەیـە نـاوو ئاوەڵنـاوو کـردار دەگرێتـەوە، نەخشـەی تێکـردەی فەرهەنگییـە بـۆ دروسـتکردنی فـۆرمی سینتاکسـیی. (ب) پاشانیش، وەك لە هەنگاوەکانی داهاتوودا دەردەخرێت، سەرەو ریزبوونی ئەو (X , Y)ەکان واتە دەریـدەخات، زمانەکـە پەیوەسـت سـەرەرێزمانییەکانییەوە سـەرکۆتان یـان سەرسـەرەتان. رووتریـش دەتوانرێـت، بگوترێـت: یاسای یەکـەمی تیـۆری (X- bar) نەخشـەی تێکردە فەرهەنگییـەکان بـۆ سـەرجەمی فۆرمـە سینتاکسـییەکان، دەنوێنێـت، کـە لـە ($X^{`}$)ەوە دەسـتپێدەکات. یاسـای دووەمـی تیۆرییەکـەش خسـتنەڕووی دەرکـردەی فۆرمـە سینتاکسییەکانە. بەو پێیە یاسای ( $X^{-}$ Spec.+ $X^{=}$) زانیارییە فەرهەنگییەکانی ئایتمە فەرهەنگییەکان لەسەرەوریزبوونێکی پێچوانەدا دەنوێنێت و تارادەیەك فۆرمی ئاستی قووڵ دەنەخشێنێت. دواتریش یاسای ($X^{-}$ comp.+ $X^{`}$ ) ی تیـۆری (X-bar) دەرخسـتن و نوانـدنی دروسـتەی فۆرمـە سینتاکسـییەکان و سـەرەوریزبوونی سـەرو تەواواوکـەر و جێکەوتـەی سـەرە رێزمانییەکـەو دەسـەڵات و رکێـف و مـەودای بەسـەر تەواوکەرەکەیـدا، دەگرێتـە ئەسـتۆ[١١]. بـۆ نموونـەش دەتوانرێـت، بروانرێتـە هێڵکـاریی (٤) کـە بـۆ دروسـتەی سینتاکسییەو لە هەنگاوی لێکۆڵینەوەکانی پێشووتردا بەئەنجامگەیەنراوە[١٢].

هێڵکاریی (٤)




وەك لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، تیۆرەکە بۆ بنیادی دروستە سینتاکسییەکان بوو، بەڵام وەك لـە هێڵکـاری (٣)دا پێشنیاز کرا، وشە لێکدراوو فرێزەکانیش هەمان قۆناغی پاش_فەرهەنگیان/ پۆلەرەگەزدیاریکردنیان هەیە، بۆیە دەشـێت تیۆرەکـە بـۆ مۆرفۆلـۆژیش چالاك بکرێـت[١٣]، واتـە تیۆرەکـە شـکانەوەی سینتاکسـیانەو مۆرفۆلۆژیانـەی ($X^{`}$)ەکـان دەنوێنێـت. ئەگەرچیـی لـەڕووی توخمـەوە (element) هـەمان دروسـتەی فرێزەکانیـان هەیـە، بروانـە هاوکێشەکەی لە (١٦ و ١٧ و ١٨)دا، فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکان دروستەیەکی چەسپاوی بەلێکسیێمبوونو واتایەکی دیاریکراوی خۆیان هەیە، کە دەشێت هەمان ریزبوونی فرێزەکان هەبێت یان فۆڕمگۆڕاوبن[١٤].



پیاوەکورد، خانووەتەختە،.....)

V⁻ (پیاو کوژ، سێو خوار، نامە نار، .... )   V + N⁻

١٨) V˙ ← [ N ] + V˙

V˙ (پیاوکوژ، بەفرماڵ، قۆڵبڕ، کاسەلێس،   V + N
مێشکوژ، میوەفرۆش، سەوزەفرۆش،..)

هاوکێشەکانی (١٦، ١٧، ١٨) بۆ نواندنی پاش_فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیانەو سینتاکسیانەی ناوو ئاوەڵناوو کردارێکی فەرهەنگیی[١٥] خراونەتەڕوو، کە ڕوونکەرەوەی ئەوەیە (ا) شکانەوەی سینتاکسیی و مۆرفۆلۆژیانەی (V˙ ، N˙ ،A˙)ەکان، یان هەر توخمێکی فەرهەنگیی ( X˙ ) بە تەواوکەرەکانیانەوە ڕوودەداتو دەبنە (N⁻ / A⁻/ V⁻)، (ب) وەك لە دەرکردەکاندا دەردەکەوێت، شکانەوە مۆرفۆلۆژییەکان دروستەی چەسپاون و هی سینتاکسییش بۆ دروستەی ئازادانەن، بەڵام ئاخێوەری زمانەکە تاکلایەنانە دەتوانێت هەڵیانبوەشێنێتەوە، ئەگەرچیی هەڵوەشاندنەوەی دروستەی مۆرفۆلۆژیەکان دەبێتە هۆی بەسینتاکسبوونیان، بڕوانە (١٩)و (٢٠)و (٢١) هێڵکاریی (٤)و (٥)و (٦).

زانیارییەکانی خرانە ڕوو، ئەوەیان ڕوونکردەوە، کە ئاگایی مۆرفۆلۆژییانەو سینتاکسییانە پەیوەست بە پۆلەرەگەزەوە لەیەك سەرچاوەی فەرهەنگییەوە دێن، چونکە وشەی لێکدراوو فرێزەکانیش لە نواندنی زانیارییە فەرهەنگییەکانی ناو (ناو، ئاوەڵناو، کردار)ەکانەوە بەرهەمدێن، ئەوەش وا لە ئاخێوەری زمانەکە دەکات، بەو هەمان ئەو زانیاریانەوە دروستەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییش بەرهەمبهێنێت.

١٩) گوڵەگەنم، گوڵەباخ (وشەی لێکدراو) ← گوڵە تەماتە، گوڵە خەیار، گوڵە تروزیی...(N⁻)


٢٠ ) کارێزەوشك (وشەی لێکدراو) ← دارە وشك، کانییە وشك، زەوییە وشك (A⁻)

بەردەشین، کێوەڕەش، بەردەزەرد   بەردە گەورە، گوڵە سوور، بەردە قاوەیی،
بەردە گەورە، پیاوە ڕەش، ...... (A⁻)

٢١) پیاوکوژ (وشەی لێکدراو) ← پیاو کوژ، ژن کوژ، خەڵك کوژ، کوڕ کوژ، .... (V⁻)
بەفرماڵ ← حەوشە ماڵ، زەویی ماڵ، خۆڵ ماڵ ، .... (V⁻)
میوەفرۆش ← پرتەقاڵ فرۆش، کاڵەك فرۆش، چەرەس فرۆش، لەفە فرۆش،... (V⁻)


نموونەکانی (١٩، ٢٠، ٢١) پەیوەست بە ئاگایی مۆرفۆلۆژییانە ئەوە ڕووندەکەنەوە، کە ئاخێوەری زمانی کوردیی توانای هەڵوەشاندنەوەی وشەلێکدراوەکە/ بەلێکسیمبووەکەی هەیە[١٦]. بەوەش وەك لە (١٩)دا خراوەتەڕوو لەلایەن ئاخێوەرەکانەوە سینتاکسیانە ناوو ئاوەڵناوو کردارەکان بەزانیارییە واتایی و دروستەییەکانەوە بەکاربهێننەوە.

هێڵکاریی (٤)




| N | d | N | |
|---|---|---|---|
| گوڵ | ه | خەیار | گوڵەباخ |
| گوڵ | ه | تەماتە | گوڵەگەنم |

هێڵکاریی (٥)




هێڵکاریی (٦)




**١/١_٣ ) پارامێتەری مۆرفۆلۆژییانە و سینتاکسییانە**


پارامێتەر ئاكارێكی سینتكسییانەی هەیە، چونكە نواندنی سینتاكسییانەی سەرو تەواوكەرەكانە[١٧]. ئەگەرچیی وەك لە هاوكێشەكانی (١٦، ١٧، ١٨)دا نوێنرا، لە فەرهەنگدا لە ناوەخنی سەرەڕێزمانییەكاندا ویستی سینتاكسییان پەیوەست بە تەواوكەرەكانیانەوە هەڵگیراوە، بەڵام ئەوە لە نواندنە سینتكسییەكاندا دەردەكەوێت، كە سەر لە زمانی كوردییدا بە سەرەتا یان كۆتاییدایە. لێرەوە لە نواندنی مۆرفۆلۆژیانەو سینتاكسییانەی هاوكێشەكانی (١٦، ١٧، ١٨) دەكۆڵرێتەوە تا دەستنیشانی پارامێتەری مۆرفۆلۆژیانەو سینتاكسییانەی ناوو ئاوەڵناوو كردارەكان بكرێت. وەك پێشتر ئاماژەی پێكرا پارامێتەر هی سەری ڕێزمانییە، بۆیە ئاكارێكی سینتاكسییانەی سەرەكانەو لە سینتاكسدا یەكلادەبێتەوە. تیۆری (X-Bar) مۆدێلێكە بۆ نواندنی سینتاكسیانەی هاوكێشەكانی (١٦، ١٧، ١٨)، تا ڕیزبوونە سینتكسییەكانیان پەیپێببرێت. لە (٢٢)دا ئاستی نواندنی پرۆژەسازدان بە پێی جێكەوتەی سەر وتەواوكەر لە زمانی مرۆڤدا وەك ڕێسایەكی جیهانیی دەنوێنرێت[١٨].

٢٢)

..... $X^{\cdot}$ .....
..... $N^{\cdot}$ .....
..... $A^{\cdot}$ ....
..... $V^{\cdot}$ .....


ئەگەرچیی ($X^{\cdot}$) ەکان لە (٢٢)دا تەواوکەرەکانیان لە ناوەخنەکانیاندە هەڵگرتووە، بەڵام بۆ زمانی کوردیی زانیاریی ئەوەی تێدا نەخراوەتە ڕوو، کە ئایا زمانەکە سەرکۆتا یا سەرسەرەتایە، بۆیە لە فۆرمی سینتاکسیی فریێزو ڕستەدا دەستنیشانی ئەو ڕێسایە دەکرێت. لێکۆڵینەوەکانی ئەم بوارە کۆکن لەوەی تەواوکەرەکان دەکەونە لای ڕاستی سەرە ڕێزمانییەکانەوە، بەوەش زمانی کوردیی لە نواندنە سینتاکسییەکانیدا دەبێتە زمانێکی سەرکۆتا[١٩]، بڕوانە هێڵکاریی (٨) .

هێڵکاریی (٨)




هێڵکاریی (٨) بۆ نواندنی سینتاکسیانەی سەرەڕێزمانییەکانە، کە پەیوەست بە (V,A,N)ەوە پەیڕەوی هێڵکاریی (٩) دەکەن.

هێڵکاریی (٩)




واتە پارامێتەری سەری ڕێزمانی لە ئەنجامی نواندنی سینتاکسیانەی سەرە ڕێزمانییەکەدایە، بەوەش منداڵ لەزمانوەرگرتنداو ئەو زانیارییە سینتاکسییە وەردەگرێت و دەبێتە ڕێسایەکی سەراپا بۆ سینتاکسەکەی. لێرەوە دەبێت ئەوە پرسیارە بکرێت، کە ئایا پارامێتەری مۆرفۆلۆژییانەی زمانی کوردیی پەیکاڵی پارامێتەرە سینتاکسییەکەیەتی؟ ئەگەر وەڵامەکەی بە بەڵێ بێت، ئەوا ئاخێوەرەکە زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکانی لە سینتاکسەوە وەردەگرێت، ئەگەرنا دروستەو فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکانەوە بە پارامێتەری خۆیانەوە دەناسێتەوە. وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا وشەلێکدراوەکانیش هاوشێوەی فۆڕمە سینتاکسییەکان پرۆژەی سەرە ڕێزمانییەکانن، هەروەها هەردووکیان لە هەمان پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییەوە بەرهەمهاتوون، بەڵام لێرەوە پەیوەست بە جێکەوتەی سەرو تەواوکەرەوە ئەو زانیاریی‌و ئاگاییانە لێکدەدرێنەوە تا چوونیەکیی لە بەرهەمێنانی ئەو دوو فۆڕمە جیاوازەدا دەستنیشانبکرێت.

بەلێکسیمبوون پرۆسەی چەسپاندنی فۆڕمێکە، کە زانیارییەکانی لە سینتاکسەوە وەرگرتووە، واتە فۆڕمێکی سینتاکسییە دەبێتە فەرهەنگیی[٢٠]. لەبەر ئەوەی بەلێکسیمبوون (Lexicalization) پرۆسەیەکەو بە قۆناغیی واتایی‌و سینتاکسیی‌و کۆمەڵایەتیشدا تێدەپەڕێت، هەروەها گۆڕینی فۆڕمێکی سینتاکسییە بۆ فۆڕمێکی

مۆرفۆلۆژیی/فەرهەنگیی، کە دەشێ بنەماکەی واتاگۆڕین یان فۆڕمگۆڕین بێت. لە هێڵکاریی (١٠)ەوە دەست بە شیکردنەوەکە دەکرێت.

هێڵکاریی (١٠)

فەرهەنگ (Lexicon)

↓

پۆلەرگەزدیاریکردن (بنەما)

↓

فۆڕمی سینتکسیی (پارامێتەر)

↓

بەلێکسێمبوو (بەوشەبوو)

هێڵکاریی (١٠) ئەوە دەردەبڕێت، کە بنەماکە وەك ڕێسایەکی پرۆژەسازدان بونیادی پرۆژەیەك لە ڕووی کەتیگۆرییە پێکهێنەرەکەیەوە دەستەبەردەکات، واتە پۆلۆرەگەزدیاریکردن دەگەیەنێت. فۆڕمی سینتاکسیی پەیوەست بە پرۆژەسازدانەوە بۆ بونیادی فریزەکانە، کە تێیدا پارامێتەرەکە جێبەجێکراوەو یەکلایی بووەتەوە. فۆڕمە سینتاکسییەکە/ فریزەکە پێکهاتەیەکی واتایی ئازادی هەیە، بۆیە دەکرێت بە جێنشینیی سەرو تەواوکەرەکەی ئاڵوگۆڕ بکرێت، بڕوانە نموونەکانی (٢٣).

٢٣) دەستی من → چاوی من، باوکی من، کوڕی من، کچی من، دڵی من،........

→ دەستی تۆ، دەستی ئەو، دەستی ئەوان، دەستی ئێمە،.......

نموونەکانی (٢٣) ئەوە دەردەخەن، کە ئازادانە سەرو تەواوکەرەکان ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێت، ئەوەش ئاکارێکی سینتاکسیی فریزەکانەو لە وشە بەلێکسێمبووەکان جیایاندەکاتەوە. قۆناغی بەلێکسێمبووی ئەو دروستانە لەوێوە دەست پێدەکات، کە بەلایەنی کەمەوە واتابگۆڕێت یان فۆڕمەکەی بۆ لێکسێمێکی نوێی سەربەخۆ بگۆڕێت. ئەوەی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگە، گۆڕینی فۆڕمێکی سینتاکسییە تاوەکو وەك لێکسێمێکی/وشەیەکی سەربەخۆ بناسرێتەوەو بچێتە فەرهەنگەوە، واتە: $X^{\cdot}$ $X^{-}$ $X^{\cdot}$ ($X^{\cdot}$ەکان دانەیەکی فەرهەنگیی پرۆژەسازدەرن، کە دێنە سینتاکسەوە مەرجە ببنە $X^{-}$، بەڵام بوونەوەیان بە $X^{\cdot}$ تەنها لە کاتێکدا ڕوو دەدات، کە بە دروستەو واتایەکی چەسپاوەوە ببنە لێکسێمێکی سەربەخۆ، بڕوانە هێڵکارییەکانی (٤ و ٥ و ٦) لەسەرەوە). بەوەش پارامێتەری سەرەڕێزمانییەکەکە/ پرۆژەسازدەرەکە پەیوەست بەو فۆڕمە بەلێکسێمبووانەی فۆڕمیان نەگۆڕاوەو کتومت فۆڕمی دروستە سینتاکسییەکەیان هەیە، هەمان پارامێتەر جێبەجێدەکەن، بەوەش ئاگایی مۆرفۆلۆژیانەو سینتاکسییانەی ئاخێوەری زمانی کوردیی پەیوەست بە ڕیزبوونەوە وەك یەك دەبن و پڕکردنەوەی جێکەوتەی سەرو تەواوکەر وەك یەك دەستەبەردەبن. بڕوانە (٢٤). هەروەها گەر بڕوانرێتە (٢٥)، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە ئاخێوەری زمانەکە، فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژیی بە دروستەو پارامێتەرەکەیەوە، فۆڕمی ئازادانەی سینتکسیی لەسەر بەرهەدێنێن و وشەلێکدراوەکە دەکاتە هایپۆنیمیی بۆ دروستەکانی خوارخۆی.

سینتاکس($X^{-}$): پیاو کوژ، ژن کوژ، باڵای بەرز، داری بەڕوو،.....

٢٤) تەواوکەر $X^{\cdot}$

مۆرفۆلۆژیی($X^{\cdot}$) پیاوکوژ، مێشکوژ، باڵابەرز، داربەڕوو، ......

٢٥) میوەفرۆش (........ + $X^{\cdot}$) وشەی لێکدراو/دروستەی هایپۆنیمیی

↓

پرتەقاڵ فرۆش (........ + $X^{\cdot}$) فرێزی کرداریی ($V^{-}$)/دروستەیەکی لەبەرگیراوە.

سێو فرۆش

خەیار فرۆش

قەیسیی فرۆش

لیمۆ فرۆش

شووتیی فرۆش

کاڵەک فرۆش

ئەو پرۆسە بەلێکسێمبووانەی لە هێڵکارییەکانی (٤ و ٥ و ٦)دا نوێنران، لە فۆرم_نەگۆڕاوەکان بوون و هەمان یاسای پارامێتەریی (٢٤) جێبەجێدەکەن. ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆژیانەی بۆ بوون بە لێکسێم دەگۆڕێن، پێشبینی دەکرێت بە پارامێتەرێکی جیاوازەوە بخرێنەڕوو. لەبەرئەوەی فۆرمگۆڕین یەکێکە لە بنەماکانی بەلێکسێمبوون، بۆیە فۆرمەکەی لەسەر بنەمای یاسای (٢٤) دانارێژرێت، بەڵکو پەیوەست بە ڕیزبوونی پارامێتەرییەوە جێبەجێکردنێکی مۆرفۆلۆژیانەی دەبێت. واتە ئەگەرچیی لە هەمان پۆلەڕگەزدیاریکردنەوە بەرهەمدێت، کەچی لە قۆناغی پاش بوون بە فرێزدا فۆرمیان بۆ لێکسێمێکی سەربەخۆ دەگۆڕێت، لەم پرۆسەیەدا پارامێتەرەکە مۆرفۆلۆژیانە دەبێت و ئاخێوەرەکە تەرزە مۆرفۆلۆژێکە بۆ بەرهەمهێنانی فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکە بەکاردەهێنێتەوە، بڕوانە نموونەکانی (٢٦).

٢٦) ا. پیازی تەڕ ($A^{-}$) ⟵ تەڕەپیاز ($N^{\cdot}$)

ب. ماسیی سوور ($A^{-}$) ⟵ سوورەماسیی ($N^{\cdot}$)

پ. وڵاخی ڕەش ($A^{-}$) ⟵ ڕەشەوڵاخ ($N^{\cdot}$)

دەرکردەکانی(٢٦_ ا،ب،پ) : (تەڕپیاز، سوورەماسیی، ڕەشەوڵاخ) فۆرمێکی بەلێکسێمبوون، لەسەرێکەوە: (ا) فۆرمەکەیان گۆڕاوە، بەوەش سەرە ڕێزمانییەکانیان (ئاوەڵناوەکان) پارامێتەرێکی مۆرفۆلۆژیانەیان جێبەجێکردووەو بووە بە سەرسەرەتا، بۆیە ئاخێوەری زمانی کوردیی دروستە مۆرفۆلۆژییەکەیان (N + ە + A) بۆ بەرهەمهێنانی مۆرفۆلۆژیانە / وشەی لێکدراو بەکاردەهێنێتەوە، بڕوانە نموونەکانی (٢٧). (ب) ئاوەڵناوە هێنراوەپێشەکە جگە لە گۆڕانی پارامێتەرەکەی، بووەتە فۆرمێکی نیشانەکراوی (Marked) هەمان ئاوەڵناو، واتە: (تەڕ: نیشانەکراویی تەڕە، چونکە تەڕ بە پیازەوە پەیوەستکراوە)، (سوور نیشانەکراوی سوورە، چونکە سوور بە ماسییەوە پەیوەستکراوە)، (ڕەش نیشانەکراوی ڕەشە، چونکە ڕەش بە وڵاخەوە پەیوەستکراوە)، ئەوەش وایکردووە پەیوەست بە لێکسێمێکی سەربەخۆ بە جێنشینی بە ئاوەڵناوێکی تر ئاڵوگۆڕ نەکرێت، بەڵام پێشبینی دەکرێت تاکلایەنانە ئاخێوەرەکە بەهۆی ئەو ئاگاییە مۆرفۆلۆژیانەیەی لە (٢٦)ەوە وەریگرتووە ئانالۆژیانە دایبڕێژێتەوە/ هەڵیبوەشێنێتەوە، بڕوانە (٢٨). ئەوەش پێچەوانەی فۆرمە سینتاکسییەکانی (٢٦)ە، کە ئازدانە ئاوەڵناوە نیشانەنەکراوەکە دەگۆڕدرێت، بڕوانە نموونەکانی (٢٩).

| ڕێگانەدان بە هەڵوەشانەوەی | فەرهەنگیی/ لێکسێم |
|---|---|
| *وشکەپیاز، *سوورە پیاز، *جوانەپیاز ⟵ | ٢٧) ا. تەڕەپیاز |
| *شینەماسیی، *سەوزەماسیی، *پرتەقاڵییەماسیی ⟵ | ب. سوورەماسیی |

**فەرهەنگیی/ لێکسیێم**    **هەڵوەشانەوەی تاکلایەنانەی ئاخێوەرێك**

٢٨) ا. تەرپیاز ← وشکەپیاز، سوورە پیاز، جوانەپیاز.......


ب. سوورەماسیی ← شینەماسیی، سەوزەماسیی، پرتەقاڵییەماسیی، .....

٢٩) ا.پیازی تەڕ ← پیازی وشك، پیازی شیرین، پیازی توون، پیازی جوان، .....

ب. ماسیی سوور ← ماسیی زەرد، ماسیی ڕەش، ماسیی پرتەقاڵیی، ....

سەرباری ئەوەی فۆڕمە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکان لە هەمان پۆلەڕەگەزەوە بەرهەمدەهاتن، پێشبینی دەکرێت، لە هەمان پێکهاتەی واتاییشەوە بکەونەوە، ئەویش بەو پێیەی لە ($X^{\cdot}$)ەکان لە فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییشدا بە کۆتوبوندیی واتاییەوە (Semantic Restrection) دەنوێنرێن. بۆ نموونە لە هێڵکاریی (١١)دا لە هەردوو فۆڕمە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکەدا ($V^{\cdot}$)ەکان ، واتە (کوژ، فرۆش، ماڵ) کۆتوبەندیی واتایی تەواوکەرەکانیان کردووەو لە پێکهاتەی واتایی لایاننەداوە. ئەویش بەو پێیەی کرداریی (کوژ تەواوکەرێکی بە نیشانەی واتایی [ + گیاندار ]ەوە هەڵاوێرکردووە، هەروەها (فرۆش) تەواوکەرێکی بە نیشانەی واتایی [ + شمەکە ]ەوە هەڵاوێرکردووە، (ماڵ)یش تەواوکەرەکەی پەیوەست بەواتای کردارەکەوە هەڵاوێرکراوە، واتە شتێك کە بتوانرێت بماڵرێت.

هێڵکاریی (١١)




کۆتوبەندیی واتایی پەیوەست بە واتاوە زانیارییەکی گشتیی ئاخێوەری زمانە، بۆیە هەڵاوێرکردنێکی واتایی لێکدەرەوەیی/ پێشبینییکراوی هەیە، ئەویش بەواتی ئەوە دێت، کە لێکدانەوەی هەر فۆڕمێکی سینتاکسیی لە چێوەی پێکهاتەی واتایی (Semantic Component) فۆڕمەکەدا دەبێت، لەوێشەوە تێگەیشتنی واتایی گشتیی فۆڕمێك بەرجەستە دەبێت، چونکە دروستەی ڕووکەشی هەر فۆڕمێك نواندنی دروستەیی ئەو واتایەیە کە لە دروستەی قووڵدا بونیاد دەنرێت. چۆمسکی لە تیۆری ستانداردی فراوانکراو ( Extended Standard Theory)دا بۆ لێکدانەوەی سیمانتیکیی گۆڕانی بەسەردا هات و تێیدا بۆ لێکدانەوەی واتا تەنها پشت بە دروستەی قووڵ نەبەسترا، بەڵکو ئەوە خرایە ڕوو ، کە هەندێك لە گواستنەوەکان دەبنە هۆی گۆڕینی واتا. بەوپێیەش: (ا) یاسایەك بۆ لێکدانەوەی بۆ واتای دروستەی قووڵ و (ب) یاسایەك بۆ لێکدانەوەی بۆ واتای دروستەی ڕووکەش.[٢١] لەوەوە وەك هێڵکاریی (١١) دەریدەبڕێت، وشەلێکدراوە بەلێکسیێمبووەکان پەیکاڵی دروستە سینتاکسییەکان بە هەڵاوێرکردنی واتاییەکەیانەوە بەرهەمدێن، ئەوەش لە ڕووی واتاوە وەکیەکیی لە ئاگایی مۆرفۆلۆژیانەو سینتاکسیانەی دەرەخسێنێت، بەڵام لە ڕاستییدا ئاگاییەکە بۆ کۆی ئاخێوەری زمانیی کوردیی لە پێکهاتەی واتایی / دروستەی قووڵەوە هەڵدەهێنجرێت، بەڵام تاك دەسەڵاتی تاکلایەنانەی خۆی پەیوەست بە واتاوە بەکاردەهێنێت، ئەوەش هەنگاوی دواتری پێکهاتە واتاییەکەیە، بۆیە پێکهاتەی واتایی یەکەم بۆ گشت ئاخێوەری زمانە بە تاکیشەوە، بەڵام پێکهاتەی واتایی دووەم دەربڕینی واتایە لەلای تاك، بۆیە

هاوشێوەی ئەوەی یەکەم، دووەمیش لە ئاگاییەوە سەرچاوەی گرتووە. بڕوانە شکاندنی کۆتوبەندیی واتایی لە (٣٠)دا، کە تێیدا تاك بە ئاگاییەوە پەیوەندیی واتایی سەرو تەواوکەر دادەڕێژێتەوە/ هەڵدەوەشێنێتەوە.

| | کۆتوبەندیی واتایی گشتیی | کۆتوبەندیی واتایی تایبەتیی/ تاکلایەن |
|---|---|---|
| ٣٠) | کونەماسیی، گۆمەشین، سەرتاش، دڵڕفێن، چاوباز، جوانەگا | کونەمێشوولە، گۆمەپیاوکوژ، سەرسەقەتکەر، قاچڕفێن، چاوقەلەباچکە، جوانەمانگا[٢٢] |

کۆتوبەندەواتاییە تایبەتییەکانی دەرکردەکانی (٣٠) لە ئەنجامی بەرپەرچدانەوەی ئەو پێکهاتەواتاییانەوە دێت، کە ئاخێوەری گشتیی زمانێك دایڕشتوون و باوەڕی پێیانە، بۆیە ئاخێوەری تایبەتیی سەرلەنوێ بە پێی باوەڕو تێڕوانینی خۆی دایاندەڕێژێتەوەو پێکهاتەیەکی واتایی تایبەت بەخۆی ئەدات بە فۆڕمەکە. بۆ نموونە بڕوانە (٣١):

٣١) ا. کونەماسیی: واتاکەی لەوەوە داڕێژراوە، کە کونێکەو ماسیی زۆری لێدێتەدەرەوە، بۆیە پێی وایە مێشوولەی زۆرەو لەوەوە تاکلایەنانە کونەمێشوولە دادەڕێژێت.

ب. گۆمەشین: لە فۆڕمە سینکرۆنییەکەیەوە وادەردەکەوێت، کە گۆمێك بێت ڕەنگی ئاوەکەی شین بێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئەو گۆمە خەڵك زۆر تێیدا خنکابێت، بۆیە ئاخێوەر تاکلایەنانە بەپێی پێکهاتەیەکی واتایی تایبەتیی فۆڕمێکی لە جۆری (گۆمەپیاوکوژ) دایدەڕێژێتەوە.

پ. سەرتاش: کەسێکە، کە پیشەی سەرتاشینەو دەبێت شارەزابێتو لایەنی جوانییو جوانکاریی لە پیشەکەیدا پەیڕەو بکات، بۆیە کاتێك کەسێك لەو پیشەیەدا پێوەرەکان بە چاکیی پەیڕەو ناکات، ئاخێوەری تایبەتیی بەتێڕوانینی خۆی فۆڕمێکی نوێ بەپێی پێکهاتەیەکی واتایی تاکلایەنانەی وەك (سەرسەقەتکەر) دادەڕێژێتەوە، واتە سەروقژ سەقەت و ناشیرین‌دەکات نەك بیتاشێت.

زانیارییە واتاییەکانی گشت ئاخێوەرێکی زمانی کوردیی پەیوەستە بە پێکهاتەی واتاییەوە ( Semantic Component)، وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا تاك بەهۆی ئەو زانیارییە واتاییانەوە بە ئاگاییەوە پێکهاتە واتاییەکە دەکاتە بەکارهێنانێکی تاکلایەنانە، واتە گشتێتیی بەرەو تایبەتێتیی هەڵدەوەشێنێتەوە بڕوانە نموونەکانی (٣٠ و ٣١). سەرەڕای ئەوەش زمانی کوردیی نواندنێکی واتایی ناپێکهاتەیی هەیەو لە فۆڕمیی ئیدۆمدا بەرجەستە بووە، لەبەرئەوەی ئیدیۆمەکان لەڕووی فۆڕم و واتاوە چەسپاون، بۆیە ئاخێوەری زمانی کوردیی بەچەسپاویی وەك خۆی بەکاریان دەهێنێتەوە (لەبەریاندەکات).

ئیدیۆمەکانیش هەر نواندنێکی تری توخمە پرۆژەسازدەرەو خاوەن دەسەڵاتن/ ($X^{\circ}$) ەکانن، ( individualty word ) دادەنرێن[٢٣]. لەسەرەتای هەنگاوەکانی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا ئیدیۆم بە دیاردەیەکی ناوازەی فەرهەنگی دادەنرا ، بەڵام لە هەنگاوەکانی تردا ، بەجۆرێك لە نواندنەکانی ($X^{\circ}$) ەکان ، کە بریتین لە ( کردار ، ناو ، ئاوەڵناو )ەکان [٢٤]، واتە ئیدیۆمەکان گەر وشەیی بێت یان فرێزییو ڕستەیی، هەر لەلایەن توخمێکی فەرهەنگییەوە پێشنیازدەکرێنو بەرهەمدەهێنرێن، بۆیە جۆرێکن لە نواندنی فەرهەنگیی ($X^{\circ}$). ڕوونکردنەوەکە ئەوە دەگەیەنێت، کە هەر ($X^{\circ}$)ێك نواندنێکی پێکهاتەیی (Compositional)و ناپێکهاتەیی ( Non Compositional) هەیە، بەڵام نواندنە پێکهاتەییەکان پێشبینییکراون، بەڵام ناپێکهاتەییەکان سینکرۆنیانە پێشبینیی ناکرێن، بەو پێیەش ئاگایی ئاخێوەر لە واتا پێکهاتەییەکەدا خۆی دەبینێتەوە، هەرچەندە لە ڕوانگەیەوە، کە تاك دەتوانێت تاکلایەنانە دروستە ناپێکهاتەییەکانیش هەڵبوەشێنێتەوە، دەتوانرێت بگوترێت،

که ئاخێوەری کوردیی ئاگایی لە نواندنە ناپێکهاتەییەکانی ($X^{\cdot}$)یشدا هەیە . بڕوانە (٣٢)و (٣٣)و (٣٤)، کە لەسەر ($A^{\cdot}$) و ($V^{\cdot}$) جێبەجێدەکرێت.

٣٢) $X^{\cdot}$
نواندنی پێکهاتەیی $X^{-}$
نواندنی ناپێکهاتەیی $X^{-}$

٣٣) $A^{\cdot}$
نواندنی پێکهاتەیی (داری کورت، دەستی درێژ، دەستی پیس، ،ماڵی پیس، دڵی تەنگ)
نواندنی ناپێکهاتەیی (دەستکورت، زماندرێژ، دەستپیس، زمانپیس، دەستدرێژ، چاوپیس، چاوتیژ، دڵتەنگ)

٣٤) $V^{\cdot}$
نواندنی پێکهاتەیی (نامە نار، زەوی کێڵ، سێو خوار، دەست بڕ)
نواندنی ناپێکهاتەیی دەستبڕ، قۆڵبڕ ، ژێربڕ ...

ئەگەرچیی هەریەك لە ئاوەڵناوەکانی/$A^{\cdot}$ (کورت، درێژ، پیس)لە ئیدیۆمەکانی (دەستکورت، زماندرێژ، دەستپیس، زمانپیس، دەستدرێژ، چاوپیس)و هەروەها کردارەکانی/$V^{\cdot}$ لە (دەستبڕ، قۆڵبڕ ، ژێربڕ)دا واتایەکی ناپێکهاتەییان بەرهەمهێناوەو بوونەتە دروستەیەکی چەسپاو، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئاخێوەری زمانی کوردیی زانیاریی پێکهاتەیی لەسەر ئەو کردارو ئاوەڵناوانە هەیە، بۆیە تاکلایەنانە بە ئاگاییەوە هەڵیان دەوەشێنێتەوە، بەوەش واتا ناپێکهاتەیی دەکاتەوە بە واتای پێکهاتەیی و تاکلایەنەنە بەکاری دەهێنێت. بڕوانە (٣٥)و (٣٦).

| ناپێکهاتەیی گشت ئاخێوەرێك | هەڵوەشانەوەی تایبەتیی/ تاکلایەن |
| --- | --- |
| ٣٥) ا. نەوزاد دەستی کورتە. | وەڵا نەك دەستی قاچیشی کورت نییە. |
| ب. وریابە قۆڵت نەبڕێت. | وەڵا پەنجەیەکیشمی بۆ نابڕێت. |

٣٦) ا. دڵم تەنگە وەکو خونچەی دەمی تۆ[٢٥].
ب. وەك بەختەکەی من ڕەشە خاڵەکەی سەر ڕوومەتی[٢٦].

لە (٣٦_اب)دا هەریەك لە ئاوەڵناوەکانی (تەنگو ڕەش) بە واتای پێکهاتەییو ناپێکهاتەییەوە بەکارهێنراون، پەیوەست بە (دڵو بەخت)ەوە ناپێکهاتەیینو بۆ (خونچەو خاڵ)یش پێکهاتەیین.

ئەنجام

١. وشە داڕێژراوەکان پرۆژەی پاشگرو پێشگرەکانن، ئەویش لەبەرئەوەی فۆرمو واتای ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆژییانە لەژێر ڕکێفی ئەو لاگرانەدایە، لەو ڕوانەگەیەوە ئاخێوەری زمانی کوردیی تاکلایەنانە بە

ئاگاییەوە ئەو دروستانە لەڕووی واتاییەوە هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەوەش دەبێتە بەڵگەی ئەوەی ئاخێوەرەکە زانیاریی دروستەیی و واتایی لەسەر ئەو لاگرانە هەیە.

٢. فۆڕمە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکان لەهەمان زانیاریی فەرهەنگیەوە دێن، بۆیە قۆناغی دوای فەرهەنگییان/ پۆلەرگەزدیاریکردنیان چونیەکەو لە دوا نواندنیاندا دەبنە وشەی لێکدراوو فرێز، بەوەش لەڕووی پێویستیی پۆلەرەگەزەوە ئاگایی ئاخێوەرانی زمانی کوردیی دروستدەبێت.

٣. ئاخێوەری زمانی کوردیی بەهۆی ئەو ئاگاییە مۆرفۆلۆژیانەی لە بەلێکسیمەکانەوە هەیەتیی دەتوانێت تاکلایەنە لەناوەوە پێکهاتەی واتایی وشەلێکدراوەکان هەڵبوەشێنێتەوە.

٤. ئەگەرچیی پارامێتەری سەری ڕێزمانیی نواندنی سینتاکسیانەی توخمەپرۆژەسازدەرەکانە، بەلاَم فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکانیش بەهەمان پارامێتەرەوە دەبنە لێکسیمی سەربەخۆ، ئەوەش پەیوەست بە جێکەوتەو سەرەوڕیزبوونەوە هەمان ئاگایی لەلای ئاخێوەری زمانی کوردیی دروستدەکات.

٥. هەردوو فۆڕمە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکان لە هەمان پێکهاتەی واتاییەوە بەرهەمدێن، واتە هەردوو فۆڕمەکە لەڕووی واتاوە یەك کۆتوبەندیان هەیە، لەوەشەوە ئاخێوەری زمانی کوردیی لە ئاگایی واتایی هەڵدەهێنجێت و لە وشەلێکدراوەکانیشی پێهەڵدەوەشێنێتەوە، هەمان زانیاریی واتاییش بۆ هەڵوەشانەوەی واتا ناپێکهاتەییەکان/ ئیدیۆمەکان بەکاردەهێنێتەوە.

**پەراوێزەکان:**

---

[١] http://www.rug.nl/research/portal/files/٣١٩٧٣٥٩/c٢.pdf

[٢] https://csl.psychol.cam.ac.uk/publications/pdf/٩٤_Marslen-Wilson_PsychRev.pdf

[٣] منداڵیش لە زمانپژاندنەکەیدا ئەو زانیارییە مۆرفۆلۆژیانە لە ئاستە وشە (Word Level)دا وەردەگرێت ، بڕوانە : CATHERINEMCBRIDE–CHANG & others (٢٠٠٥:٤١٦-٤١٧

[٤] http://www.ajssh.leena-luna.co.jp/AJSSHPDFs/Vol.١(٤)/AJSSH٢٠١٢(١,٤-٢١).pdf

[٥] http://www.unizd.hr/portals/٣٦/kolegiji/morphology/morphology٢.pdf

[٦] http://wordworkskingston.com/WordWorks/About_WordWorks_files/Kirby,٪٢٠Deacon,٪٢٠Bowers,٪٢٠Izenberg,٪٢٠Wade-Woolley,٪٢٠Parrila.pdf

[٧] https://www.univie.ac.at/linguistics/publications/wlg/٧٦٢٠١٢/Dressler٪٢٠Laaha.pdf

[٨] https://lirias.kuleuven.be/bitstream/١٢٣٤٥٦٧٨٩/٤٩٠٧١٥/١/The+role+of+analogy+in+language+change.pdf

[٩] http://filcat.uab.cat/clt/publicacions/tesis/pdf/Complex٪٢٠word٪٢٠formation_Padrosa.pdf

[١٠] ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕەگی بە کرداری فەرهەنگیی داناوەو کاری پێکردووە.

[١١] بشڕوانە http://www.nativlang.com/linguistics/grammar-xbar-lessons.php

[١٢] بڕوانە: محەمەد مەحویی (٢٠٠١: ٥٤) و عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١١: ٤٠٢)و .........

[13] Sergio Scalise(١٩٨٦: ١٨٧-١٩٧)

[14] محەمەد مەجید سەعید (٢٠١٥: ٦٥-٦٧)

[15] کرداری کارپێکراوی ئەم توێژینەوەیە ڕەگی کردارەکانە ، واتە (V٠)، کە کرداری فەرهەنگییە ، ڕەگی کردارە.

[16] پەیوەست بە بەلێکسیمبوون و لێکسێم هەڵوەشاندنەوە لە زمانی کوردییدا بڕوانە محەمەد مەجید سەعید (٢٠١٥: ٧٤-٩٧)

[17] http://www.let.rug.nl/hoeksema/heads.pdf

[18] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٧: ٤)

[19] بڕوانە محەمەد مەحویی (٢٠٠١: ٤٥- ٦٧)، عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٠: ٣٥- ٥٥)

[20] www.wikipedia.com/lexicalization و محەمەد مەجید سەعید (٢٠١٥: ٥١_٥٣)

[21] مازن الوعر (١٩٦٧: ٦٠)

[22] ئەو نموونانەی بۆ کۆتوبەندیی واتایی تایبەتیی/ تاکلایەن هێنراونەتەوە بۆ کاریی لێکۆڵینەوەکەن و بە پێی پێشبینی لێکۆڵەرن، بۆیە بۆ ئەو مەبەستە دەشێ دەیان دەربڕینی تاکلایەنانە هەبن.

[23] Cook & Newson(٢٠٠٧:٥)

[24] pual kay & Ivan A.say (٢٠١٤:١)

[25] هەژار موکوریانیی

[26] دێڕێکی فۆلکلۆریی

## سەرچاوەکان


**به زمانی کوردیی:**

١. عبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٠)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردییدا، مەڵبەندی کوردۆلۆژیی، سلێمانیی.

٢. محەمەدی مەحویی (٢٠٠١) ، ڕستەسازی کوردیی ، زانکۆی سلێمانیی.

٣. محەمەد مەجید سەعید (٢٠١٥)، فەرهەنگ و پرۆسەی بەلێکسیمبوون، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

**گۆڤار:**

٤. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف و کاروان عومەر قادر، کاریگەریی فەرهەنگ لە بنیاتی دروستە سینتاکسییەکاندا، گۆڤاری ئاستاذ، ژمارە (١٨٦)، ٢٠١١.

٥. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف ، پارامێتەری سەری ڕێزمانیی لە زمانی کوردییو فارسییدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە ١٢ی ساڵی ٢٠١٧.

**بەزمانی عەرەبیی :**

٦. مازن الوعر (١٩٨٧)، الجهود اللسانيه، المغرب.

به زمانی ئینگلیزیی:

٧. CATHERINEMCBRIDE–CHANG & others (٢٠٠٥) The role of morphological awareness
٨. in children's vocabulary acquisition in English, Printed in the United States of America
٩. Cook, V.J & Newson, M.L. (٢٠٠٧), Chomsky's Universal Grammar, ٣rd, black well: Oxford.
١٠. Pual kay & Ivan A.say (٢٠١٤), Lexical and phrasal approaches to argument structure: Two sides of the same coin.
١١. Sergio Scalise(١٩٨٦), Generative Morphology, Second Edition, Foris Publication, U.S.A

پێگەی ئینتەرنێت:

http://www.rug.nl/research/portal/files/٣١٩٧٣٥٩/c٢.pdf

https://csl.psychol.cam.ac.uk/publications/pdf/٩٤_Marslen-Wilson_PsychRev.pdf

wikipedia.com/lexicalization

http://www.let.rug.nl/hoeksema/heads.pdf

http://www.nativlang.com/linguistics/grammar-xbar-lessons.php

http://www.let.rug.nl/hoeksema/heads.pdf

http://www.nativlang.com/linguistics/grammar-xbar-lessons.php

http://wordworkskingston.com/WordWorks/About_WordWorks_files/Kirby,٪٢٠Deacon,٪٢٠Bowers,٪٢٠Izenberg,٪٢٠Wade-Woolley,٪٢٠Parrila.pdf

https://www.univie.ac.at/linguistics/publications/wlg/٧٦٢٠١٢/Dressler٪٢٠Laaha.pdf

http://www.ajssh.leena-luna.co.jp/AJSSHPDFs/Vol.١(٤)/AJSSH٢٠١٢(١,٤-٢١).pdf

http://www.unizd.hr/portals/٣٦/kolegiji/morphology/morphology٢.pdf

Abtract

The main objective of this research which is entitled (Morphological awareness in Kurdish language) is to show the morphological awareness of the Kurdish speaker. This is found in the embodiment of the morphological forms of the Kurdish speaker, which has the ability to dismantle compound words. As a result, there is a link between morphological and grammatical awareness in syntactic and grammatical forms.